راگەیەندراوێک لە وەزارەتی بەرگری عێراقەوە بە لیوای 20ی هاوبەش

وەزارەتی بەرگری عێراق لە راگەیەندراوێکدا داوای لەو سەرباز و پێشمەرگانە کرد، کە لەچوارچێوەی لیوای 20ـی هاوبەشی عێراق یەکخراون، ڕۆژی شەممەی هەفتەی داهاتوو پێیوەندی بە سەنتەرەکانی ڕاهێنان لە سە پارێزگای عێراق بکەن، بەمەبەستی دەستبەکاربوونیان.

ئەمە دووشەممە، وەزارەتی بەرگری عێراق لە راگەیەندراوێکدا داوای لە سەرباز و پێشمەرگەکانی لیوای 20ـی هاوبەشی عێراق کرد، لە ڕۆژی شەممەوە (2-11-2023) پێیوەندیی بە سەنتەرەکانی ڕاهێنان لە پارێزگاکانی، کەرکووک، دیالە، نەینەوا بکەن بە ئەوەی دەستبەکاربن و دواتر دەست بە مەشق و ڕاهێنان و پێچەککردن و دواتر بەاوکردنەوەیان بکرێت.